# سەدام و ئادۆلف ئایشمان ... یاسین بانیخێلانی

سەرقاڵی بابەتێک بووم لە سەر ئەنفال بە بەراورد لەگەڵ هۆلۆکۆست دا لە ڕووی ڕەهەندە مێژووییەکانیانەوە، برادەرێک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: چاوپێکەوتنەکەی سەدام حوسەینت لە کەناڵی (الفیحا و ) بینی؟ منیش گوتم: بەداخەوە نەمدیوە. لە وەڵامدا گوتی: خەمت نەبێت لای خۆم لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمارم کردووە.

کاتێک گوێم لە قسەکانی سەدام بوو باسی ژیانی خۆی لە زینداندا دەکرد وەخت بوو لەبەر پێکەنین بپچڕێم، هەندێک جاریش بە شێوەیەک گرژ دەبووم هەموو گیانم لەبەر توڕەبوون دەلەرزی. لێرەوە با لەو قسە گاڵتەجارییانەی سەدام، کە وەک مرۆڤێکی عەقڵ سوک لە یەکێک لە حەمامەکانی فرۆکەخانەی بەغدادی نێودەوڵەتییەوە دەیکردن بچینە دەرەوەو لەسەر وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی، کە پەیوەندی بە تاوانەکانییەوە هەبوو ڕاوەستە بکەم. لەوەڵامی قسەکانی سەدامدا کە زۆر گەشبینانە دەیگوت (ئینشائەڵا بەم زوانە لەم زیندانە کاتییە دەردەچمە دەرەوە) پێشکەشکەری بەرنامەکە گوتی: تۆ دەبێت دادگایی بکرێیت و تا ئێستا 13 تەن دۆکومێنت لەسەر تاوانەکانت ئامادە کراوە. سەدام زۆر بێشەرمانە گوتی: ئایا دۆکومێنتێک هەیە ئەوە بسەلمێنێت، کە من (سەدام حوسێن) دەمانچەی ناوە بەسەری یەکێکەوەو کوشتبێتی، کەسێک هەیە ئەوە بسەلمێنێت سەدام بەدەستی خۆی خەڵکی کوشتووە!. پێشکەشکەری بەرنامەکە گوتی: بەڵام هەموو تاوانەکان ئیمزای تۆی لەسەرە. سەدام لە وەڵامدا گوتی: هەموو ئەوانە تەزویرو درووستکراون. *

کاتێک گوێم لەم وەڵامەی سەدام بوو یەکسەر ئادۆلف ئایشمان (Adolf Eichmann) م هاتەوە یاد، کە لەو نووسینەی سەرەوە باسم کرد بە وتەیەکی ئەو دەستم پێکردووە، کە ساڵی 1961لەبەردەم دادگا گوتی: (من بۆ خۆم یەك جولەكەم نەكوشتووە، من بە هیچ شێوەیەك فەرمانم بۆ كوشتنی یەك جولەكە دەرنەكردووە) . ئەگەرچی ئایشمان سەرۆکی ئەڵمانیای نازی نەبوو، بەڵکو بەرپرسی SS ی سەردەمی نازییەکان بووە، هەروەها کارگێڕی بەشی جولەکە بوو. ئایشمان هەروەکو سەدام پیاوێکی ترسنۆک بوو بۆیە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بەرەو ئەرجەنتین هەڵهات لەوێ خۆی شاردەوە، بەڵام دەزگای هەواڵگیریی ئیسرائیل لە ساڵی 1960 دۆزیەوەو ڕەوانەی ئیسرائیلی کردو ساڵی 1961 لە قودس (Jerusalem) دەستی بە دادگایی کردو ساڵی 1962 لە سێدارەی دا. ئایشمان لە12. 3. 1941 بە کراوەیی لە بنبڕکردنی پرسی جولەکەدا گوتی: لە ڕووی بایۆلۆژییەوە نەبوونی جولەکە ئەسەلمێنین.

لێرەوە ئەم پرسیارە دێتە پێشێ: ئایا ئەم قارەمانانەی پێش ڕوخان و جرجی تۆقیوی دوا ڕوخان خاوەنی چی بیروبڕوا و هەڵوێستێک بوون؟. چی هێزێک وای دەکرد ئەو هەموو تاوانانە ئەنجام بدەن؟.

من بۆ خۆم کاتێک سەعید سەحافم دەبینی بە 500 مەتر لە دووری تانکەکەنی ئەمەریکا لەناو بەغدادی نیوە (ئازاد کراو) دا هێشتا ورەی وەک باڵای دارخورماکانی ئەوبەر ڕوباری دیجلە، کە ئەمەریکاییەکان تەراتێنیان تێدا دەکرد بەرز بوو، وەک گوێبێلز (Goebbels ی وەزیریی پڕوپاگەندەی نازییەکانم دەهاتە پێشچاو. ئاخر ئەویش وەک سەحاف زمانی درێژ بوو تا ئەو کاتەی هەواڵیان پێدا، کەوا سوپای سوور گەشتۆتە ناو بەرلین!. گوێبێلز لە 22. 4. 1945

منالەکانی بردە ئەو شوێنەی پێیان دەگوت بارەگای سەرەکی جاران (Führerhauptquartier) ئەوە بوو لە 29/28. 4. 1945 هیتلەر لەو شوێنەدا لەگەڵ ئێڤا براون (Eva Braun) زەماوەندی کردو گوێبێلز و مارتین بۆرمان (Martin Bormann) *1 بوون بە گەواهیدەری ئەو مارەبڕینە بۆ ڕۆژی دوایی هیتلەرو ئێڤا لە ژێر زەمینێکدا خۆیان کوشت و بۆ ڕۆژی دواییتر واتە لە 1. 5. 1945 گوێبێلز لە پێشدا هەر پێنج کچەکەی و تاقە کوڕەکەی بە ژەهر کوشت، پاشان ژنەکەیی و خۆی. بەڵام ئەوەی سەیرە دوای ڕوخانی ڕژێم بەبەراورد لەگەڵ نازییەکاندا، بۆ جارێک گوێمان لێ نەبوو بڵێن: ئەوە بەرپرسێکی کۆنە بەعسی نەیتوانی بەرگەی بینینی ئەو داڕوخان و ڕیسواییە بگرێت، کە خۆی و حیزبەکەیی و ئەندامەکانیان بەسەریان هات خۆی بکوژێت، یان هیچ نەبێت پاش ئەوەی بە شێوەیەکی ڕیسوایی دەستگیرکران تا ئێستا گوێمان لێ نەبوو یەکێک لەوانە لە زینداندا پەنا بۆ خۆکوشتن ببات! دیارە ئەگەر سەرانی بەعس لە پشتی پەردەوە بەڵێنێکیان پێنەدرابێت، ئەوا جیگای پرسیارە تا ئێستا کەسێکیان پەنایان بۆ خۆکوشتن نەبردبێت، وەک چۆن زۆر لە ئەندامانی نازی وەک ڕۆبێرت لەیLey، Robert، گوێرینگ هێرمان Goering، Hermann، ڕۆدۆلف هێسHess ، Rudolf لە زینداندا خۆیان کوشت، کەچی سەدام و دارو دەستەکەی وەک ئایشمان پێیان وایە تاکە تاوانێک چییە ئەنجامیان نەداوەو کوشتنی ئەو هەموو خەڵکەش لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕە بە کۆمەڵە درۆیەکی گەورەیە یان ئەوانە خیانەتییان لە وولات کردووە، ئەو وولاتەی کورد یەکەم قوربانی بوو تێیدا، وە یەکەم کەسیشە بەرگری لە یەکپارچە بوونی و درووست بوونەوەی دەکات.

28. 5. 2005 سویسرا

پەراوێزەکان،

* ئەو چاوپێکەوتنەی سەدام لە فەیحاوە، بۆ گاڵتەکردنە بە سەدام، بەڵام زۆرێک لە قسەکان ڕاوبۆچوونی سەدامن، من تەنها لەسەر ڕاکانی سەدام و ترسنۆکی ئەو پیاوە قسەم کردووە.

*1- Martin Bormann دوای خۆکوشتنی هیتلەرو ژنەکەی هەولی تەقاندنەوەی ژێرزەمینەکەی دا. بۆرمان پاشان چاوی بە کارل دوێنیتز (Karl Dönitz) دەکەوێت، ئەگەرچی دوێنیتز لە 23. 5 دەکەوێتە دەست کۆماندۆکانی بەریتانیا، بەڵام بۆرمان ون دەبێت، بەڵام دادگای سەربازی نێونەتەوەیی لە نوێرنبێرگ (Internationalen Militärgerichtshof in Nürnberg) بەنائامادەیی (غیابی) لە 1. 10. 1946بڕیاری لە سێدارەدانی دەدات. ئارتور ئاکسمان (Arthur Axmann) ی سیاسی و بەپرسی گەنجانی سەردەمی نازی: دەڵێت من بۆ خۆم تەرمی بۆرمانم دیوە، بەڵام ئەم ڕاستییەنەسەلمێندرا تا 1973 یەکێک لە بەرلین تەرمێکی دەرهێنا، کە بە بێ گومان ناسنامەی بۆرمانی دەسەلماند.